https://www.doi.org/10.31918/twejer.2033.2

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# شیکردنەوەی نوکتەی کوردی بەپێی بنەمای هاریکاری

پ. د. قەیس کاکل تۆفیق

زانکۆی سۆران- فاکەڵتیی ئاداب

Qais.kakl@soran.edu..iq

م. ی. هێرش چەتۆ حوسێن

پەروەردەی پشدەر

hersh.chato@ymail.com

**پوختە:**

ئەم توێژینەوە بە ناونیشانی (شیکردنەوەی نوکتەی کوردی بەپێی بنەمای هاریکاری)یە، هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی نوکتەی کۆن و تازەی کوردی بەپێی بنەمای هاریکاری. هەروەها توێژینەوەکە گریمانەی ئەوەی کردووە، نوکتەی ڕابردوو و نوکتەی ئەم سەردەمە بەپێی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و گەشەی مێژوویی کاریگەری لەسەر جۆری لادانە زمانییەکان هەیە و ئەمەش ئاڕاستەی زەوق و سەلیقە و حەزی کۆمەڵی کوردی دیاریدەکات. بۆ ئەم مەبەستەش لادان لە بنەما وردەکانی هاریکاری و تیۆری گرایس کراوە بە پێوەر بۆ ئەوەی ڕێژەی لادان و چۆنیەتی لادانەکانی پێ بخەینەڕوو. سنووری توێژینەوەکە سوودی لەو نوکتانە وەرگرتووە، کە هەڵقوڵاوی ناو کلتوور و کۆمەڵەی کوردین؛ واتە نوکتەکانمان (ڕشتەی مرواى بۆ نوکتەی کۆن و نوکتەکانی ئەحۆل وەک نوکتەی هاوچەرخ) وەرگرتووە، بۆ سەلماندنی لادانە زمانییەکان، بۆ ئەوەی بتوانین بەوردی جیاوازیی نێوان دوو قۆناغی کۆمەڵی کوردی بە ئامار و داتا بخەینەڕوو.

**وشە کلیلییەکان:** نوکتە، بنەمای هاریکاری، لادان و لێکەوتە.

## شیکردنەوەی نوکتەی کوردی بەپێی بنەمای هاریکاری

### ٠) پێشەکی

### ٠-١) ناونیشانی توێژینەوە

بریتییە لە (شیکردنەوەی نوکتەی کوردی بەپێی بنەمای هاریکاری)، هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی هەندێک نوکتەی کۆن و تازەی کوردی؛ کە لە ڕێگەی لادان لە بنەما وردەکانی هاریکارییەوە دروستدەبن.

### ٠-٢) گرنگیی توێژینەوەکە

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە وەک نەخشەڕێگەیەک گەشە و گۆڕانی زەوق و سەلیقەی قسەکەر و ئاستی ڕۆشنبیری، باری خوێندەواری، سایکۆلۆجی، کلتووری و پەیپێبردنی خوێنەری کورد دەخاتەڕوو، کە بەپێی قۆناغە مێژووییەکان چ جۆرە لادانێک بایەخی لە لادانێکی دیکە زیاترە و دواجار دەشێ ئەمەش وەک لێکدانەوەیەکی بیری دەستنیشانبکرێت. گرنگییەکی دیکەی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، کە وەکو تیۆرێک دەشێ لە کایەی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبیش سوودی لێوەربگیرێت و گرنگییەکەی بەرجەستە بکرێت.

### ٠-٣) ڕێباز و کەرەستەی توێژینەوەکە

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی (وەسفی- شیکاری ) بەکارهێنراوە، لە چوارچێوەی ئەو نوکتانەی کە لادان لە بنەماکانی هاریکارییان تێدایە و بۆ بەشی پراکتیکیش پشت بە ڕێبازی (ئاماری) بەستراوە، بۆ ئەوەی ئەنجامی داتاکان لە ڕێگەی پرۆگرامی (Excel) شیبکرێنەوە و بخرێنەڕوو. بۆ ئەم مەبەستەش تەنها نوکتەکانی (ڕشتەی مرواری؛ وەک قۆناغی کۆن و

نوکتەکانی ئەحۆل؛ وەک قۆناغی تازە) بۆ لادانی بنەماکانی هاریکاری وەرگیراون و ئەنجامەکەی خراوەتەڕوو، بەڵام لەبەر دەرنەچوون لە چوارچێوەی قەبارەی توێژینەوەکە نەمانتوانیوە یەکە یەکە نوکتەکان بخەینەڕوو. هەروەها کەرەستەی توێژینەوەکە بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێ لایەنی بابەتەکەمان بریتییە لە هەندێ لەو کتێبانەی کە نوکتەی کوردییان کۆکردۆتەوە، وەک کتێبەکانی (ڕشتەی مرواری، نوکتەی شاخ، نوکتەکانی ئەحۆل و گەپنامەی مێرگوڵان).

### ٠-٤) پرسیاری توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات وەڵامی چەند پرسیارێک بداتەوە، وەک؛ نوکتەی ڕابردوو و نوکتەی ئەم سەردەمە بەپێی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و گەشەی مێژوویی کاریگەری لەسەر جۆری لادانەکان لە بنەماکانی هاریکاری هەیە؟ کام لە بنەماکانی هاریکاری لە ئێستا و ڕابردوو لە نوکتەی کوردیدا زیاتر بەزێنراون؟

### ٠-٥) ناوەرۆکی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشەکی و ئەنجام لە دوو بەش پێکهاتووە: بەشی یەکەم باس لەمانە دەکات: سەرەتا، نوکتە و واتای ناڕاستەوخۆ، پڕاگماتیک و نوکتە، بنەمای هاریکاری، لێکەوتە، جۆرەکانی لێکەوتە، لێکەوتە نەریتییەکان و لێکەوتە ئاخاوتنییەکان. بەشی دووەمیش باس لەمانە دەکات: لادانی زمانی و نازمانی، جۆرەکانی لادانی بنەما وردەکانی هاریکاری و خستنەڕووی ئاماری لادانەکانی بنەمای هاریکاری لە نوکتەکانی (ڕشتەی مرواری و نوکتەکانی ئەحۆل)، لە کۆتاییشدا لیستی سەرچاوەکان و پەراوێز و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

## ١-١) سەرەتا

بنەمـــای هاریکـــاری لە زمـــانی کوردیـــدا زۆر لێکـــۆڵینەوەی لە چوارچێـوەی لێکـۆڵینەوە زمانەوانییەکانـدا، لەبـارەوە کـراوە، لە زۆربەی بەشەکانی زمانی کوردی لە زانکۆی سلێمانی و سـەلاحەدین و سۆران و ... هتـد، وەک نـامەی ئەکـادیمی توێژینەوەیـان لەبـارەیەوە کـردووە و وردەکاریی تیۆر و بنەماکانی ئاخاوتن خراوەتەڕوو. بۆیە بۆچوونەکانی گـرایس و بنەمـای هاریکـاری لە لای خـوێنەرانی ئەم تـوێژینەوەیە ڕوونە. هەر بـــۆیە بە پێویســـتی نـــازانین دووبـــارە بیـــانخەینەوە ڕوو. لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەندێک بابەت دووبارە ناکەینەوە، تەنها ئەو بابەتانەی بۆ لێکۆڵینەوەکەمان پێویستە باسیان دەکەین.

## ١-٢) نوکتە و واتای ناڕاستەوخۆ

نـــوکتە وەک هەر گـــوتنێکی دیـــکە هەڵســـوکەوت لەگەڵ واتـــای ناڕاســـتەوخۆ دەکـات و زۆربەی نوکتەکـان بە شـێوەیەکی ڕاســتەوخۆ مەبەســـتەکە دەرنـــابڕن، بەڵکـــو لەپـــاڵ دەربڕینـــی گـــوتنەکە مەبەســـتە ناڕاستەوخۆکەیان دەڵـێن. هەر بـۆیە دەبینـین ((بـۆئەوەی نـوکتەکە وەکـو نـوکتە بمێنێـتەوە، پێویســتە هەنـدێک زانیـاری دەرنەبڕدرێـت)). (٢٨٩: Attardo:١٩٩٤)، چـونکە لە بنچینـەدا زۆربەی نوکتەکـان لە پـاڵ پێکەنینـدا ئامانجی سـەرەکییان گەیاندنی مەبەستێکە، جا ئەو مەبەستەش دەبێت بە شـاراوەیی لەپـاڵ گـوتنەکەدا بێـت، چـونکە نـوکتە چەکێکـی کـاریگەری بێدەسەڵاتانە بەرانبەر دەسەڵاتدار و دەستڕۆیشتووان و لەبەر سـەلامەتیی نـوکتەبێژەکەش خـۆی دەیەوێت نـوکتەیەک بڵێت، کە گـوێگر یـان وەرگـر واتـای ناڕاسـتەوخۆی لێهەڵێنجێت. هەر بـۆیەش زۆرجـار بەهـۆی واتـای ناڕاسـتەوخۆوە مـرۆڤ پەنـا بـۆ نـوکتە دەبـات، لەبەرئەوەی یەکێـک لە تایبەتمەندییەکانی نوکتە ئەوەیە، نوکتە لە خەوبینین دەچێت، چونکە ئەوەی

له ژیاندا ناتوانێت ڕاستەوخۆ دەریببڕێت، ئەوا ناڕاستەوخۆ له ڕێگەی نوکتەوە دەریدەبڕێت و له ڕێگەی واتای گوتراوەوە، واتای دیکەی لێ هەڵدەهێنجێت. بۆیە بۆئەوەی هەندێک جار نوکتە بە کاریگەری بمێنێتەوە، پێویستە هەندێک زانیاری بە شێوەی ڕاستەوخۆ دەرنەبڕدرێن، چونکە ((ئەگەر لە دەقی نوکتەیەکدا هەموو پێکهاتەی زانیارییەکان هەبێت، ئەوا وەک نوکتەیەکی سەرکەوتوو و کاریگەر بەدیقەت بیری لێنەکراوەتەوە)). (هەمان سەرچاوەی پێشوو: هەمان لاپەڕە). بۆیە دەربڕینی واتای ناڕاستەوخۆش لە نوکتەدا، کاریگەری لەسەر هێزی نوکتەکە دەبێت. با سەرنج لەم نوکتەیە بدەین: ((دوو کچ دەچن بۆ بازاڕ دوو مۆز بکڕن، کابرا دەڵێت: دانەی بە دووسەدوپەنجا و سیانیشی بە پێنج سەد. کچەکان دەڵێن: کابرا ئێمە دووانمان دەوێت؛ کچێکی تریان دەڵێت: قەیناکا یەکیان دەخۆین)). (م. بەرژەوەند: ٢٠١٠: ٤). لێرەدا بەهۆی (قەیناکا یەکیان دەخۆین) واتای ناڕاستەوخۆی دروستکردووە، کە ئەویش ئەوەیە دوو مۆزەکەی دیکە ناخۆن، بەڵکو (بۆکاری سێکسی بەکاری دەهێنن)، چونکە لەبەر سەلامەتیی خۆیان لەبەر دابونەریت ڕاستەوخۆ ناڵێن (مۆزەکان بۆ کاری سێکسی بەکاردەهێنین)، هەر بۆیە لێرەدا پەنا بۆ نوکتە دەبرێت، چونکە (قەیناکا یەکیان دەخۆین) نوکتە و هێزی نوکتەکەی دروستکردووە و واتا ناڕاستەوخۆکەشی لێ هەڵدەهێنجرێت.

### ١-٣) پراگماتیک و نوکتە

پراگماتیک لە چوار بابەتی سەرەکی پێکدێت، کە ئەوانیش (نیشانە پراگماتیکییەکان، کردە قسەییەکان، لێکەوتەکان و بەرگریمانەکان). هەر یەکێک لەو بابەتانە لە نوکتەدا دەبینرێن، بەڵام هیچ یەکێک لەمانە نابێتە هۆی دروستکردنی نوکتە، جگە لە لادان لە بنەمای هاریکاری، چونکە ئەوەی نوکتە دروستدەکات ئەوەیە هەر وەک (کانت) دەڵێت، کە ((نوکتە

حاڵەتێکە لە پێشبینییەکی بەهێز، کە لەپڕ نامێنێ و دەبێتەوە هیچ)). (شاکر عبدالحمیـــد: ٢٠٠٣: ٣٨٨). واتە پێشـــبینییەکی بەهێـــز و وەڵامێکـــی چاوەڕواننەکراو دەبێتە هۆی دروستبوونی نوکتە، ئەمەش لەئەنجامدا لادان لە بنەمای هاریکاری لێدەکەوێتەوە.

## ١-٤) بنەمای هاریکاری

بنەمـای هاریکـاری یەکێکە لەو بنەمایـانەی کە سـوودێکی زۆری بـۆ نێـرەر و وەرگـر لە کـاتی گفتوگـۆ یـان لە نووسـیندا هەیە. ئەم بنەمـایە بە (گـرایس)ەوە ناوبـانگی دەرکـردووە، بەڵام مێـژووەکەی کـۆنترە. بـۆیە کە گـــرایس ((بۆچـــوونی هاریکـــاری خســـتەڕوو ســـوودی لە زانیـــاری و بۆچوونەکانی پێش خۆی وەرگرت و وەک تەواوکردنێک و گەشەسـەندنێک بۆ کارەکانی پێش خۆی ئەم کارەی جێبەجێ کرد، بـۆ نمـوونە سـوودی لە بۆچوونەکانی ویلیام جێمس و فتگنشتاین و کانت و مـور و ئۆسـتن و ... هتـد وەرگـرت و لە پـاش بڵاوکـردنەوەی بۆچوونەکانیشـی ڕووبەڕووی ڕەخنە و لێکۆڵینەوە بووەوە لە لایەن فەیلەسوف و زاناکانی وەک سپێربێر و ویلسـن و لیڤنسـن و هـارنیش و ... هتـد)). (سـروە فەیسـەڵ: ٢٠١٠: ٢٤). ئەو ڕەخنـــانەی کە ئاڕاســـتەی بۆچـــوونەکەی گـــرایس بەنـــاوی (بنەمـــای هاریکاری) کران، نەک بەرەو پوکانەوەیان نەبرد، بەڵکو بەرەو پێشکەوتن و جیهانگیرییـان بـرد، واتە (بنەمـای هاریکـاری) بـووە هەوێنێـک بـۆ لە دایکبـوونی کۆمەڵێـک بۆچـوون و زانیـاریی تـازە، کە زیـاتر بنەماکەیـان ڕوونکردۆتەوە. هەروەها بنەمای هاریکاری لەچاو هەندێک لە تیۆرەکانی دیکەی زمان زیاتر لەسەر زمانی جۆراوجۆر پەیڕەودەکرێت. لەبەرئەوەی بنەمـــای هاریکـــاری بەپێـــی بۆچـــوونی گـــرایس لە بنچینـــەدا (ئامـــانجی هاریکاریکردنە لە نێوان ئاخێوەر و گوێگردا). (عادل فاخوری:١٩٨٩: ١٤٦). نێـرەر و وەرگـریش لە هەمـوو زمانەکانـدا هەمـان چـالاکیی هۆشـەکی بـۆ

بەردەوامبوونی گفتوگۆ ئەنجامدەدەن. بۆیە ((بەبۆچوونی (H. P. Grice) گەیشتن بە واتای هاوبەش لە ئاخاوتندا لە ڕێگەی بنەمای هاریکارییەوە دەبێ، کە هەموو قسەکەرێک بێ جیاوازیی ڕۆشنبیری و کلتووری لە هەموو کۆمەڵێکدا پەیڕەوی دەکات)). (محەمەد مەعروف: ٢٠١٠: ٤٢٤). هەر بۆیە دەبینین دەقی بنەمای هاریکاری بریتییە لە ((با بەشداری گوتنەکانت بەپێی پێویست بێت بۆ ئەو قۆناغەی ڕووداوەکانی تێدا ڕوودەدات، ئەمەش بەهۆی پەسەندکردنی بابەتەکان (مەبەستەکان)، یان ڕاستەوخۆی قسەکردنەکانەوە دەبێت؛ کە پێویستیی تێگەیشتن دەیەوێت)). ( Grice :١٩٧٥:٤٥). بنەمای هاریکاری لە بنەڕەتدا ئامانجی هاوکاریکردن و ئاسانکارییە بۆ تێگەیشتنی گفتوگۆ لە نێوان نێرەر و وەرگر بۆ ئەوەی بە کەمترین وزە گفتوگۆکە سەرکەوتووبێت. هەروەها بنەمای هاریکاری لە نوکتەدا سەرەڕای نێرەر و وەرگر لە دەوروبەرێکدا بنیاددەنرێت. (Attardo: ١٩٩٤:٢٧١ ). گرایس دوو جۆر واتای لێکجیاکردۆتەوە، واتای گوتراو (What is said) و واتای شاراوە (meaning Implicated). (Grice:١٩٧٥:٤٤). مەبەست لە واتای گوتراو ((ئەو واتایەیە، کە لە ئەنجامی بەکارهێنانی وشە فەرهەنگییەکان و ئەو واتا ڕێزمانییەی کە لە چۆنیەتی ڕیزبوونی کەرەستەکانی ڕستەکە دێتە ئاراوە)). (محمد یونس: ٢٠٠٧: ١٤١). لە واتای گوتراو پشت دەبەسترێت بە واتای وشەکانی ناو ڕستەکە و پشت بە واتای دەرەوە نابەستێت، هەروەها ئەوەی دەگوترێت لە واتای ناوەخۆدا واتای دیکەی لێدەکەوێتەوە، بەڵام واتای شاراوە لەو گوتنانە دەکەوێتەوە کە لە دەرەوەی ڕستەکەن، واتە کاتێک قسەیەک دەگوترێت مانای زیاتری لێ هەڵدەهێنجرێت لەوەی کە گوتراوە، بۆیە ئەوەی دەگوترێت شتی دیکەی لێدەکەوێتەوە. بۆیە کاتێک ((ئاخێوەرێک کە مەبەستێک، یان پەیامێکی دەبێت لە ڕێگەی گوتنەوە دەیگەیەنێتە گوێگر، بەڵام زۆرجار دەبینین قسەکەر کە وتەیەک دەردەبڕێت، زۆر زیاتر دەگەیەنێت لەوەی کە دەیڵێت، گوێگریش کە وتەکە دەبیستێت گریمانەی

ئەوە دەکـات، کە قسـەکەر هاریکـارە و دەیەوێـت شـتێک بگەیەنێـت، ئەو شـتەش دەبێـت زیـاتر بێـت لەوەی کە وتەکە نیشـانی دەدات، ئەم واتـا زیـادەیە پێـی دەگوترێـت لـێکەوتە (Implicature). (Yule:۲۰۰۰ : ۳٥). کەواتە لێکەوتە لە ئەنجامی ئەو گوتنانەوە دەکەوێتەوە کە دەردەبڕدرێن و دەبێتە هۆی بەردەوامیی گفتوگۆکە و سەرکەوتنی، کە ئەمەش لە ئەنجامی تێگەیشتنی نێرەر و وەرگر دەبێت. کەواتە ((چەمکی لێکەوتە لە بنچینەدا لەو تیۆرە تایبەتییەوە سەرچاوەی گرتووە، کە چۆن زمان بەکاردەهێنرێت، بە بۆچوونی گرایس بەکارهێنانی زمان چالاکییەکی هۆشـەکییە و ئامـانجی هاریکاریکردنە لە نێوان قسەکەر و گوێگردا، بۆیە پێویستبوو ئەو بنەما و یاسـایانەی کە مێشـکی مـرۆڤ ئاراسـتەیان دەکـات بـۆئەوەی ئاخـاوتن کـاریگەر و سـەرکەوتوو بێت، دەستنیشـانبکرێن)). (عـادل فـاخوری: ۱۹۸۹: ۱٤٦). بۆیە دەبینین گرایسیش بنەمـای هاریکـاری بۆ چوار بنەمـای دیکە وردتر کردۆتەوە، کە ئەوانیش:

١- بنەمای چەندێتی

٢- بنەمای چۆنیەتی

٣- بنەمای پەیوەندی

٤- بنەمـای شـێواز. (Grice:۱۹۷٥:٤٥)، هەرچەنـدە ((گـرایس بنچینـەی ئەم بنەمایـانەی لە (کانـت) وەرگرتـووە)). (عــادل فـاخوری: ۱۹۸۹: ۱٤٧). بەڵام ئەم بنەمایـانەش یـان پابەنـد دەبـن پێیـان یـان لێیـان لادەدرێـت. لە هەردوو بـاردا دەبێـتە هـۆی بەرێوەچـوون و سـەرکەوتنی گفتوگـۆکە. ((بەهـۆی ڕەچـاوکردن و لادان لەو بنەمایـانەش چەنـد جـۆرێکی لـێکەوتە پەیدادەبن، بۆیە ئەم دیاردەیە دەکەوێتە دەرەوەی ڕۆنـانی زمـان، کەچـی ئەنجـامی ئەو هاوکێشـەیە لە بنیـادی زمانـدا دەردەکەوێـت و لە ڕێـگەی

زمـــانەوە دەناســـرێتەوە). (ســـروە فەیســـەڵ: ٢٠١٠: ٣٦-٣٧). هەروەهـــا ((بنەمـای هاریکـاری و بنەمـا وردەکـانی، ڕێنمـایی نەریتـی ئاخـاوتن دیـاری دەکەن، بەڵام وانەی ئاکـاری (ئەخلاقـی) نـین، واتە پێویسـت نـین. خەڵکـی دەتـوانن زۆر بڵێن و درۆ بکەن و ڕووداوەکـان ڕیـزنەکەن و لە بـابەت لا-بـدەن، واتە قســەکەر مەرج نیـیە ئەو بنەمایـانە پیادەبکـات، بەڵام گـوێگر چاوەڕێی ئەوەی لێدەکات، گوێگر هەمیشـە چاوەڕێی ئەوەیە، کە بنەماکـان نەبەزێنـرێن، هەرچەنـدە قســەکەر بە مەبەسـت دەتوانێـت بیانبەزێنێـت)). (محەمەد مەعروف: ٢٠١١: ٢١٥). کەواتە ئـاخێوەر بنەماکانی هاریکاری لە نـوکتەدا زیـاتر لە قسـەی ئاسـایی ڕۆژانە بە مەبەسـت دەبەزێنێت. چـونکە ئـاخێوەر کە دەقێـک بەرهەمـدەهێنێت، لادان لە بنەماکـان بەکاردەهێنێـت بـۆئەوەی گـوێگر فریوبـدات و وای لێبکـات بـاوەڕ بکـات، کە زانیـارییەکی ئاسایی بۆ ئامادەکراوە، لە کاتێکدا لە ئەنجامی ئەمەدا دەقەکە یان گـوتنەکە مانــــایەکی دیــــکەی چـــــاوەڕواننەکراو بە دەســــــتەوە دەدات). (Attardo:١٩٩٤:٢٧٦). بـــۆیە نـــوکتەش لە واتـــا چـــاوەڕواننەکراوەکە دروستدەبێت و لادان لە بنەماکانی لێدەکەوێتەوە.

**١-٥) لێکەوتە**

لێکەوتە بە یەکێک لە لقەکانی پراگماتیک دادەنرێت. هەروەهـا لـێکەوتە لە ئەنجـامی پرۆســەی ئەو گوتنـانە پەیـدادەبێـت، کە نێـرەر و وەرگــر بەڕێوەیدەبەن، هەروەک لە بنەمای هاریکاریدا ئاماژەیەکمان بە لێکەوتە دا، چونکە لێکەوتە لە ئەنجامی ئەو گفتوگۆیە پەیدادەبێت کە لە نێوان ئـاخێوەر و گــوێگردا بەڕێوەدەچێــت، لــێکەوتەش یــان لەنــاو وشــەی ڕســتەکە دەکەوێتەوە و ئاشکرایە یان لە دەرەوەی ڕستەکە دەکەوێتەوە نائاشـکرایە (شـاراوە)یە. هەروەهـا لـێکەوتە ((مەرج نیـیە تەنیـا لە زمـانی ئاخاوتنـدا ســەرهەڵبدات، بەڵکــو لە نووســینیش ئەم دیــاردەیە بەرچاودەکەوێـت و

ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە بەڕێوەبردنی پرۆسەی پەیوەندیکردندا). (سروە فەیسەڵ: ٢٠١٠: ٣٦). ((پۆل گرایس) یەکەم کەس بوو لە ساڵی ١٩٧٥ ئەو حاڵەتانەی لێکدایەوە کەوا لە هەندێ باری تایبەتیدا ئەوەی کە قسەکەر مەبەستیەتی جیاوازە لەوەی، کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەریدەبڕێت. بۆ ئەم مەبەستەش وشەیەکی داهێنا، کە پێی دەگوترێت (لێکەوتە-Implicature)). (قەیس کاکل و کوردستان ڕەفیق: ٢٠١٤: ١٣٤). کەواتە لێکەوتە بریتییە لە: ((لەو مەبەستەی قسەکەر دەیەوێت بیگەیەنێ (بیدا بەدەستەوە) زۆر دەوڵەمەندتر و پڕمانـاترە لەوەی، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بە ئاشکرایی دەردەبڕدرێت). (هەمان سەرچاوەی پێشوو: هەمان لاپەڕە). یان لێکەوتە بریتییە لەوەی کە ((ئاخێوەران دەتوانن مەبەست (واتا)ی زیاتر بگەیەنن لەوەی کە دەیڵێن)). (Akmajian…[Et al],٢٠١٢:٤٠٠). کەواتە لێکەوتە بریتییە لەو واتا بە ڕووکەش نادیارەی کە لەپاڵ دەربڕینە زمانییەکاندا لەنێوان نێرەر و وەرگردا دەکەوێتەوە. هەر بۆیەش دەبینین ((لێکەوتەکان پابەندن بە کۆمەڵێک بنەمای گشتییەوە، کە دەکەونە دەرەوەی ڕێکخستنی زمان و ئەو پەیوەندییەی مەبەستە کە لەسەر هاریکاری دامەزراوە، لەگەڵ ئەوەشدا لێکەوتەکان کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر بنیادی زمان هەیە). (عادل فاخوری: ١٩٨٩: ١٤١). سەرەڕای ئەمانەش ((گرنگترین لە تایبەتییەکانی لێکەوتە ئەوەیە، کە لێکدانەوەیەکی تەواو لەبارەی توانستی ئاخێوەر پێشکەشدەکات بۆ ئەوەی زیاتر ببەخشێت لەوەی کە دەیڵێت، واتە زیاتر لەوەی کە بە واتای ڕاستەقینەی وشە بەکارهاتووەکان دەربېڕدرێت)). (هەمان سەرچاوەی پێشوو: هەمان لاپەڕە). بۆیە لێکەوتە زیاتر لە هەموو بابەتەکانی دیکەی پراگماتیک لە نوکتەدا بەرجەستە دەبێت. چونکە لە زۆربەی نوکتەکاندا ((ئاخێوەران دەتوانن مانایەکی زیاتر یان جیاواز دەربېڕن، لەوەی کە دەیڵێن یان دەینووسن، ئەویش بەهۆی بەکارهێنانی لێکەوتەکان، لە کاتێکدا ئەگەر بێت و بنەمای هاریکاریکردن لەبەرچاو

بگیرێت)). (قەیس کاکل و کوردستان ڕەفیق: ٢٠١٤: ١٣٤). نوکتەش وەک هەر گوتەیەکی دیکە، سەرەڕای واتای پێشبینینەکراو لە نوکتەدا؛ کە دەبێتە هۆی لادان، لێکەوتەی تێدا بەدیدەکرێت، با سەرنج لەم نوکتەیە بدەین: ((گێلێک لە گێلێکی دیکەی پرسی: سەدام حسێن برای موعەمەر قەزافییە؟! گێلەکەی دووەم وەڵامی دایەوە: نا نا هیچی نییە، بەڵام ئەوەندە هەیە، هەر ناوەکانیان پێکدەچێت!!!). (ئیدریس عەبدوڵلا: ٢٠١٤: ٣٣٢). لەم نوکتەیەدا بەپێی دەوروبەرەکە ئەو لێکەوتەیەی لێدەکەوێتەوە، کە هەردووکیان ستەمکار و دیکتاتۆر بوونە.

## ١-٦) جۆرەکانی لێکەوتە

لەبارەی پۆلێنکردنی جۆرەکانی لێکەوتە، چەند پۆلێنێکی جیاواز دەبینرێن، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی (گرایس) دوو جۆر لێکەوتەی باسکردووە:

### ١-٦-١) لیکەوتە نەریتییەکان (Conventional Implicatures)

لێکەوتەی نەریتی لەناو خودی هەندێک لە وشەی گوتنەکانەوە بە دەستدێت. واتە لێکەوتەی نەریتی ((ئەو لێکەوتەیە کە لە واتای دەقاودەقی کەرەسە بەکارهاتووەکانی هەر گوتنێک دەکەوێتەوە). (سروە فەیسەڵ: ٢٠١٠: ٣٧) کەواتە لێکەوتە نەریتییەکان ((بەهۆی بەکارهێنانی چەند وشەیەکی تایبەتییەوە دروستدەبن، وەک: و، هێشتا، بەڵام، لەبەرهەندێ... هتد، کەوا ئەم وشانە مانای زیاتر هەڵدەگرن و لێکەوتە دروستدەکەن). (قەیس کاکل و کوردستان ڕەفیق: ٢٠١٤: ١٣٥). بۆیە دەبینین ئەم جۆرە لێکەوتەیە پشت بە زانیاریی ناو گوتنەکان دەبەستێت و زانیارییەکان لە ناوەوە هەڵدەهێنجرێن. بۆیە بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین لێکەوتە نەریتییەکان بریتین لەوەی کە ((لەسەر بنەمای هاریکاری یان بنەما

وردەکــان دانــامەزرێن، هەروەهــا پێویســت نیــیە لە ئاخــاوتن ڕووبــدات، هەروەها بۆ ڕاڤەکردن و لێکدانەوەیان پشت بە دەوروبەرێکی (کۆنتێکست) تایبەتی نابەستێت، هەروەها لەگەڵ بەرگریمانە فەرهەنگییەکان هاوشێوەن، هەروەهــا پەیوەنــدییان بە وشــە دیاریکراوەکــان هەیە، کە دەرئەنجــام واتــا زیادەکـــانی گواســـتۆتەوە؛ کاتێـــک وشـــەکان بەکـــاردەهێنرێن). (٤٥ :Yule:٢٠٠٠). ئەم جــۆرە لــێکەوتەیە هەنــدێک خاســیەتی هەن، کە پێــی دەناسرێتەوە، وەک: ((توانــای سڕینەوەیان نییە، چــونکە بــۆ ئەنجامــدانیان پشـــت بە هەڵوەشـــاندنەوەی خەملانـــدنەکان ســـەبارەت بە دەوروبەرە سروشتییەکە نابەستێت، بەڵکو توانــای جیاکردنەوەیــان هەیە، چــونکە پشــت بە کەرەســە بەکارهــاتووە تایبەتەکــانی زمــانەوانی دەبەســتێت، هەروەهــا توانای ئەژمارکردنیان نییە، بەهۆی بەکارنەهێنانی بنەما پراگماتیکییەکان و زانیــاریی بەڵــگەدار، بەڵام لە جیــاتی ئەمە دیــاریکراوە بەهــۆی نەریــت و ڕێککەوتـــن)). (Levinson: ١٢٨:١٩٩٧). لـــێکەوتەی نەریتـــی ڕۆڵێکـــی کــاریگەری لە دروســتکردنی نــوکتەدا نیــیە، ئەگەر ســەرنج لەم نــوکتەیە بدەین، دەبینین بەهۆی (بەڵام) لێکەوتەی نەریتی دروستنەکردووە، ((کچێک تــووتییەک بە دیــاری بــۆ ئەحــۆلی خۆشەویســتی دەبــات. دوای مــاوەیەک ئەحۆل تەلەفۆن بۆ کەپلەکەی دەکات و دەڵێت: زۆر سوپاس بۆ تووتییەکە، بەڵام وەڵاهــی تــامەکەی شــتێکی وای جیــاواز نەبــوو لەگەڵ مریشــکدا))). (م. بەرژەوەند: ٢٠١٥:١١ ). لێرەدا بەهۆی گوتەی (بەڵام) وای نەکردووە (زۆر ســوپاس بــۆ تــوتییەکە) و (وەڵاهــی تــامەکەی شــتێکی وای جیــاواز نەبــوو لەگەڵ مریشــکدا) بخــاتە دوو لایەن، کە جۆرێــک دژایەتییــان هەبێــت و بە گــۆڕینەوەی ئەو گــوتەیە بە (و) ئەو لــێکەوتەیە هەڵبوەشــێتەوە، بەڵکــو هەموویان (بەڵام، و، هەروەهــا) واتــای هاوبەشــی و کۆکردنەوە دەگەیەنن. بەڵام ئەوەی ئەم نــوکتەیەی دروســتکردووە، ئەو وەڵامە پێشــبینینەکراوەیە کە (کوشــتنەوەی تــووتییەکە)یە کە ئەحــۆل بە خۆشەویســتەکەی دەڵێــت، چونکە تووتی بۆ کوشتنەوە و خواردن نییە، بەڵکو باڵندەیەکە، بۆ جوانی

بەخێودەكرێت. هەروەها كچەكە پێشبینی ئەوەی نەكردبوو، كە ئەحۆل تووتییەكە سەر دەبڕێت، بەڵكو بۆ جوانی و خۆشەویستی بەخێوی دەكات.

### ١-٦-٢) لێكەوتە ئاخاوتنییەكان ( Conversational Implicatures)

لێكەوتە ئاخاوتنییەكان پێچەوانەی لێكەوتە نەریتییەكانن، چونكە بۆ تێگەیشتن لێیان پشت بە دەوروبەر و بنەمای هاریكاری دەبەستن و پشت بە كەرەسە فەرهەنگییەكانی زمان نابەستن. واتە ئەم جۆرە لێكەوتەیە بە شێوەیەكی نائاشكرایە. بۆیە لێكەوتە ئاخاوتنییەكان بریتین ((لەو دەربڕینانەی، كە لە دەوروبەرێكی تایبەتییەوە دەردەبڕدرێن و مانایەكی زیاتر دەگەیەنن و ئەو مانا شاراوە و مەبەستدارەش دەتوانرێت بدۆزرێتەوە بە پشتبەستن بەو دەوروبەرەی، كە دەربڕینەكەی تێدا دەردەبڕدرێت لەگەڵ بنەماكانی هاریكاریكردن). (Mey:٢٠٠١: ٤٦) بۆیە دەبینین گرنگیی لێكەوتە ئاخاوتنییەكان ((لە دەربڕینی چۆنیەتی گونجاویی واتا و مەبەستەكاندایە، كە تا چەند گوێگر و خوێنەر پەی بە واتا شاراوەكان دەبەن). (نەوزاد ئەنوەر: ٢٠١٤: ٦٢) كەواتە لێكەوتە ئاخاوتنییەكان لە كەرەسە فەرهەنگییەكانەوە بەدەستناهێنرێن، بەڵكو لە گوتنەكانەوە یان لە نووسینەكانەوە لەسەر (بنەماكانی هاریكاری) هەڵدەهێنجرێت. بۆیە ((گرنگی بنەمای هاریكاری و بنەما وردەكان لە زماندا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، كە ڕێگە بە ئاماژەكان دەدا لە ناوەڕۆكی واتایی دەربڕینەكان، كە دەگوترێن بپەڕنەوە، بۆیە گرایس ئەم ئاماژانە تایبەت دەكات بە لێكەوتەی ئاخاوتنی)). (عادل فاخوری: ١٩٨٩: ١٤٨) هەروەها لێكۆڵینەوە لە لێكەوتە ئاخاوتنییەكان دەگەڕێتەوە بۆ فەیلەسوف گرایس، كاتێك لە زانكۆی هارفارد لە ساڵی ١٩٦٧ وانەیەكی (محازەرە) پێشكەشكرد، گرایس واتا ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەم پرسیارەوە هەیە: (چ دەگوترێت؟-What is said?)، ئەم جۆرە واتایە بە ڕێگەی واتای

فەرهەنگیی وشەکان بە دەستدێت، هەروەها واتای ناڕاستەوخۆش پەیوەندی بەم پرسیارەوە هەیە: (مەبەست چییە؟ what is meant?)؛ ئەم جۆرە واتایەش بە ڕێگەی واتای فەرهەنگی وشەکان بە دەستنایەت، بەڵکو لێکدانەوەی ئەم جۆرە واتایە بە ڕێگەی دەوروبەرەوە بەدەستدێت). (شێرزاد سەبری: ٢٠١٤: ١٧٨-١٧٩). ئەگەر لە ڕوانگەی ئەم دوو جۆرە لێکەوتەیە بڕوانینە نوکتە، دەبینین نوکتە سەروکاری زیاتری لەگەڵ لێکەوتە ئاخاوتنییەکاندایە. چونکە سەرنجدراوە، کە هەندێک بەشی زانیاری لە زۆرێک لە نوکتەکاندا، پێویستە بە شاراوەیی بهێڵرێنەوە، چونکە ڕوونکردنەوەی میکانیزمەکان لە دەقی گاڵتەوگەپدا دەبێتە هۆی لەناوبردنی کاریگەریی گاڵتەوگەپ، بۆ نموونە نوکتەیەک پێکەنیناوی یان کاریگەریی خۆی لە دەستدەدات کاتێک نوکتەبێژەکە هەموو مەبەستی نوکتەکە ڕووندەکاتەوە یان باسدەکات). (Attardo:١٩٩٤:٢٨٩) بە شێوەیەکی سەرەکی لە زۆربەی نوکتەکاندا واتاکانیان لە واتای وشە فەرهەنییەکانەوە بەدەستنایەت، بەڵکو لە ڕێگەی لێکدانەوەی واتایان بەپێی دەوروبەر بەدەستدێت، واتە ئاخێوەر کە نوکتەیەک دەڵێت ماناکەی زۆر زیاترە لەوەی کە دیارە، بۆیە پێویستە ((دەبێت گوێگری نوکتە هەندێک زانیاریی شاراوەی بۆ دەربکەوێت یان ئەرکی پەیپێبردن جێبەجێبکات)). (هەمان سەرچاوەی پێشوو: هەمان لاپەڕە) هەروەها ئەم لێکەوتەیە بۆ دوو جۆری دیکە بەپێی پابەندبوون و لادان لە بنەماکانی وردتر دەکرێتەوە، کە ئەوانیش؛ لێکەوتەی ستاندارد و لێکەوتەی مەبەستدارە. لێکەوتەی ستاندارد ئەو لێکەوتەیەیە کە لە ئەنجامی جێبەجێکردنی بنەمای هاریکاری و بنەما وردەکانی بە دەستدێت. (Grice:١٩٧٥: ٤٩) ئەم جۆرە لێکەوتەیە کاریگەری لە دروستکردنی هێزی نوکتە نییە، چونکە نوکتە لە ئەنجامی واتای پێشبینینەکراو دروستدەبێت. واتای پێشبینینەکراویش دەبێتە بنەمای لادان لە بنەمای هاریکاری نەک پابەندبوون پێی. لێکەوتەی مەبەستداریش ئەو لێکەوتەیەیە کە لەسەر ئەو بنەمایە دروستدەبێت، کە

ئـاخێوەر بە مەبەسـت بنەمـایەک یـان چەنـد بنەمـایەک دەبەزێنێت. بـۆیە دەبینـــین لە هەمـــوو کاتێکـــدا بـــایەخی ســـەرەکی لـــێکەوتە لەو بۆنـــانە کۆدەبێتەوە، کە تێیدا ئارەزوو بە لادان لە بنەماکان دەکرێت نەک بەهـۆی پابەندبوون بە بنەماکان. (أف.ار.بالمر: ۱۹۸۱: ۲۰۱) نوکتە وەک هەر پارچە ئاخـاوتنێکی دیـکە پابەنـدبوونی بنەماکـانی تێـدایە، بەڵام ئەم بنەمایـانە کاریگەرییـان لە دروسـتکردنی نـوکتەدا نیـیە، بەڵکـو کـاریگەری و هێـزی دروســتکردنی نــوکتە بەنــدە بە لادانەوە. ئەمەش لەبەرئەوەی یەکێــک لە پێویستییە سەرەکییەکانی مەبەستی نوکتە ئەوەیە، کە دەبێت بە شێوەیەکی پێشـبینینەکراو بێت، ئەمەش بە شـێوەیەکی ئاسـایی وەکو سەرسـوڕمانێک (سەرسامبوون) لە تیۆری گاڵتەوگەپدا ئاماژەی پێدەکرێت. بۆیە لادان لە مەبەسـتی نـوکتە بە پێویسـتییەک بـۆ سەرسـوڕمان دادەنرێت. (۲۹۰ -۲۸۹ Attardo:۱۹۹٤:) بـۆ زیـاتر تێگەیشـتن بـا سـەرنج لەم نـوکتەیە بـدەین، ((پیاوێـک لە لۆقنتە (چێشـتخانە)یەک لەگەڵ خـواردن قاپێک زەیتـوونی بـۆ دادەنـێن. دەسـت بـۆ دەنکێـک دەبـات، چەور و لـووس دەبێت لە دەسـتی دەردەپەڕێـت و دەکەوێـتە سـەر زەوی، بـۆی دەچێـت هەر پێـی ناگیرێـت، شاگردی لۆقنتەکە بە چەتاڵێک هەڵیدەگرێتەوە و دەیداتە دەستی و پێی - دەڵێت: ئاوا دەگیرێت. کابراش دەڵێت: من هیلاکم کرد ئەوجار تۆ توانیت بیگریــت)). (ڕەســوڵ دەروێــش: ۲۰۰۹: ۳۲-۳۳) دەبینــین لەم نــوکتەیەدا وەڵامـی بـۆ شـاگردی چێشـتخانەکە پێشـبینینەکراوە و بـۆتە هـۆی لادان لە بنەمای چۆنیەتی، چونکە وەڵامی کابراکە بۆ شاگردی چێشتخانەکە هەڵەیە، خـۆی لەو وەڵامە (ببـورە! مـن تـا ئێسـتا نەمزانیـوە دەنکـی زەیتـوون ئـاوا دەگیرێت) دزیوەتەوە، بۆیە کابراکە نەیویستووە ڕاستی و دروستی بڵێت، هەر ئەمەش نوکتەکەی دروستکردووە، خۆ ئەگەر گوتبـای (ببورە! مـن تـا ئێســتا نەمزانیــوە دەنکــی زەیتــوون ئــاوا دەگیرێــت) ئەو کــات نــوکتەکە دروسـتنەدەبوو، بـۆیەش وەڵامـی کـابرا بـۆ شـاگردی چێشـتخانەکە دەبێتە جێی سەرسوڕمان.

## ٢-١) لادانی زمانی و نازمانی

لادان کرۆکی دروستبوونی نوکتەیە، بەڵام زۆرجار لادانەکە تەنها لادانی زمانی نییە، بەڵکو زۆرجار لادان لە دابونەریت، ئاین... هتد نوکتە دروستدەکەن، بەڵام بەهۆی زمانەوە دەردەبڕدرێت. بۆیە ((پێویستە ئەوە بزانرێت کە دەشێت پێکهاتەی تایبەتی کلتووری و کۆمەڵایەتی، سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندبن بۆ دروستکردنی نوکتە)). (Lew:١٩٩٦: ٦). ئێمە لێرەدا بە کورتی و بۆ تێگەیشتن چەند نوکتەیەک دەهێنینەوە، کە بەهۆی لادانە نازمانییەکان دروستدەبن، بۆیە بە وردی ناچینەوە ناو ئەو بابەتەوە، چونکە بابەتی سەرەکیی ئێمە لادانە لە بنەماکان، تەنها چەند نوکتەیەک لەوبارەوە دەخەینەڕوو، کە بەهۆی لادانە نازمانییەکانەوە دروستبوون، با سەرنج لەم نوکتەیە بدەین: ((ژنێکی پیر دەیەوێت بۆ حەج بچێت. بە کوڕەکەی دەڵێت: ڕۆڵە گیان من ناتوانم بە دەوری کەعبەدا حەوت جار بسوڕێمەوە، چونکە پیربووم و توانام نەماوە. کوڕەکەشی دەڵێت: نا دایە گیان خەمت نەبێت، من کارێکت بۆ دەکەم کە کەعبە حەوت جار بە دەوری تۆدا بسوڕێتەوە. پاشان دەچێت چارەکێ ویسکی بۆ دەکاتە جانتاکەیەوە و کە دەگاتە ئەوێ پیرەژن دەیخواتەوە... کاری تەواودەکات. کە دێتەوە بە کوڕەکەی دەڵێت: ڕۆڵە گیان ئەگەر باوکیشت چوو هەر لەمەی بدەرێ، چونکە نەک حەوت جار تۆ بە دەوریدا بسوڕێیتەوە، ئەو دوو حەوت جاری بە دەوری تۆدا دەسوڕێتەوە)). (م. بەرژەوەند: ٢٠١٠: ٣٦). لێرەدا ئەوەی نوکتەکەی دروستکردووە لادانە لە بابەتی حەرام و حەڵاڵ لە ئاینی ئیسلام، چونکە خواردنەوە کحولییەکان لە ئاینی ئیسلامدا حەرامکراون. بۆیە لادان لە بابەتە ئاینییەکە بۆتە هۆی دروستبوونی نوکتەکە. بۆ زیاتر تێگەیشتن با لەم نوکتەیەش وردبینەوە:

((پێشمەرگەیەکی (٧٤) ی باڵەک حەزی لە کچێک دەکرد لە گوندی (ـ)ی دۆڵێی ڕۆستایەتی. ڕۆژێک لە ڕۆژان بە یەکتری دەگەن. کوڕە عاشقە شێتانە پەلاماری دەدات و دەستی بۆ ناو گەڵی دەبات. بە کچەکە دەڵێت: بۆ نەتتاشیوە؟ ئەو هەموو مووە چییە؟! کچەکە دەڵێت: وەڵاهی سێ کوڕی دیکەش وایان پێگوتووم)). (ئازاد سابیر (ب١): ٢٠١٢: ١٣) لێرەدا ئەوەی نوکتەکەی دروستکردووە لادانە لە دابونەریتی کوردەواری، چونکە لەناو کوردەواری وا نەریتە، کە کچێک کوڕێکی خۆشویست نابێت کوڕێکی دیکەی خۆش بوێت و خیانەت لە ئەشقەکەی بکات، بە پێچەوانەوەشەوە. بۆیە کە دەڵێت (سێ کوڕی دیکەش وایان پێگوتووم) واتە خیانەتی لە خۆشەویستییەکەی کردووە و لای داوە لە دابونەریتەکە، هەر ئەمەش بۆتە هۆی دروستکردنی نوکتەکە.

### ٢-٢-١) لادان لە بنەمای چەندێتی لە نوکتەدا

ئەمە کاتێک ڕوودەدات کە پێچەوانەی پابەندبوونی بنەماکە بێت. بە تایبەتی لە نوکتەدا هەندێک جار لادان لە بنەمای چەندێتی ناچارییە، چونکە دەبێتە پێویستییەک بۆ سەلماندنی زانیاریی شاراوە لە دەقی نوکتەدا. (Attardo:١٩٩٤:٢٩١). هەروەها دەتوانرێت لەم بنەمایەدا دوو جۆری دیکەی لێ دەستنیشانبکرێت:

ا- کورتکردنەوە: ئەمە کاتێک ڕوودەدات، کە زانیارییەکان بەپێی پێویست نین. ئەمەش پێچەوانەی پابەندبوونەکەیە کە دەڵێت (با بەشداریی گوتنەکانت ئەوەندە زانیارییبەخش بێ کە پێویستە) لە نوکتەدا ئەمە لە نەزانییەوە ڕوونادات، بەڵکو بە مەبەستێک زانیاریی کەمتر دەبەخشێ لەوەی کە بارودۆخەکە پێویستیەتی. لێرەدا ئاخێوەر ئەوەی کە پێویستە نایدات بە گوێگر و بۆ گوێگری بەجێ دێڵێت، تا بتوانێت بەهۆی دەوروبەر و وشەکانی دیکەوە ئەم زانیارییە پەی پێببات. با سەرنج لەم نوکتەیە

بدەین: ((لەبەغدا پرسیاریان لە دکتۆر بەرهەم کرد، بەڕێز تۆ شیعەی یان سوننە؟. لە وەڵامدا گوتی: بەڕێزان شینەم)). (ئازاد سابیر (ب١): ٢٠١٢: ١٩) لێرەدا نێرەر زانیاریی کەمتر لە پێویست دەبەخشێت، چونکە ئەگەر ویسترابا لە بنەماکە لانەدرێت، دەبووایە وەڵامەکە بەم شێوەیە بایە (من هەردووکیانم)، بەم شێوەیەش نوکتەکە دروستنەدەبوو، بەڵام کاتێک دەڵێت (شینەم) ئەمە بۆتە هۆی دروستبوونی نوکتەکە، بۆیە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە هەردووکیانە. بۆیە لێرەدا دەبێتە لادان لە بنەمای چەندێتی، چونکە ئەرکێکی زیاتر دەخاتە سەر وەرگر بۆ پەیپێبردن بەم مانایە و زانیاریی کەمتر دەبەخشێت لەوەی کە بارودۆخەکە پێویستیەتی.

ب- درێژکردنەوە: ئەمە کاتێک ڕوودەدات، کە زانیارییەکان زیاد لە پێویستن. واتە پێچەوانەی (با بەشداریی گوتنەکانت زیاتر زانیارییبەخش نەبێت لەوەی کە پێویستە) بێت. لە نوکتەدا ئەمە کاتێک دەبێت، کە نێرەر بە ویست و ئاگاداریی خۆی زانیاری زیاد لە پێویست دەبەخشێت، کە بۆ وەرگر ئەمە ئاشکرایە و پێویست بەم درێژ باسکردنە ناکات. بۆیە لەم جۆرەدا دەبینین ((هەندێک جار کۆمەڵێک زانیاری دەبەخشرێن لە لایەن بەشداربوانی گوتنەکە بێ ئەوەی کە ئاخێوەر داواکاری بێت). (سروە فەیسەڵ: ٢٠١٠: ٥٧). با سەرنج لەم نوکتەیە بدەین: ((کابرایەکی بلّباس هەبوو "حەمەدی وەتمانی" ناوبوو، لێیان پرسی: ئەرێ مام حەمەد، مام - بایز لە لایەن دین و دیاناتەوە چۆن پیاوێکە؟. گوتی: بە خودای بابم، خودای لێم هەڵناگرێت، دیومە ڕۆژوان بخوا بەڵام نەمدیوە نوێژان بکات!)). (عەلادین سوجادی (ب٥): ١٩٧٢: ٥٢) لێرەدا نێرەر زانیاری زیاد لە پێویست دەبەخشێت، کە لە لایەن وەرگرەوە ئەوە پێویست نییە، چونکە بۆ وەرگر تەنیا پێویستی بەم وەڵامە دەبێت (پیاوێکی بە دین نییە)، بەڵام (دیومە ڕۆژوان بخوات بەڵام نەمدیوە نوێژان بکات) ئەم زانیارییە

داواکراو نییە لە لایەن وەرگرەوە، چونکە چیمان لێ داواکراوە دەبێت وەڵامی ئەوە بەپێی داواکراوەکە بدەینەوە، بەس لێرەدا نێرەر بۆیە بەم شێوەیە وەڵامیداوەتەوە، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی دروستبوونی نوکتەکە، ئەگەر وەڵامەکە بەو شێوەیە بایە (پیاوێکی بە دین نییە)، ئەوا نوکتەکە دروست نەدەبوو، بەڵام کە دەڵێت (دیومە ڕۆژوان بخوات بەڵام نەمدیوە نوێژان بکات)، ئەمە بۆتە هۆی دروستبوونی. بۆیە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە پیاوێکی دیندار نییە. نێرەر بە مەبەست بەم شێوەیە وەڵامیداوەتەوە، تابتوانێت داهێنان بکات و سەرنجڕاکێشتربێت، لە ڕێگەی لادان لە قسەی باوی ڕۆژانە، ئەمەش بۆتە هۆی لادان لە بنەمای چەندێتی.

## ٢-٢-٢)لادان لە بنەمای چۆنیەتی لە نوکتەدا

لادان لەم بنەمایەدا کاتێک دروست دەبێت، کە نێرەر بە مەبەست نایەوێت زانیارییەکان بە ڕاستی و دروستی بگەیەنێتە وەرگر. یان بە واتایەکی دیکە لادان لەم بنەمایە کاتێک ڕوودەدات کاتێک گومان لە ئاخاوتندا هەبێت و بەڵگەدار نەبێت. (شێرزاد سەبری: ٢٠١٤: ١٨٧) هەروەها لادان لەم بنەمایە بە چەند شێوەیەک (گاڵتەپێکردن و توانجلێدان، میتافۆر، دژیەکبوون، زیادەڕۆیی) دەبێت.

(Grice:١٩٧٥: ٥٣) کە لە خوارەوە یەکە یەکە شرۆڤە دەکرێن:

ا- گاڵتەپێکردن و توانجلێدان: ئەمە کاتێک ڕوودەدات کە نێرەر لە ڕێگەی گاڵتەپێکردن و توانجلێدان بە مەبەست گوتنێک بەرانبەر بە بارودۆخێک دەردەبڕێت، ئەمەش کاتێک ئامانجی خۆی دەپێکێت، کە لایەنی مەبەستدار ئامادەبێت، بۆیە دەتوانین بڵێین ((ئەمە کاتێک ڕوودەدات، کە یەکێک قسەیەک دەڵێت بە مەبەستی گاڵتەپێکردن و توانجلێدانی یەکێکی

دیـکە کە لە شـوێنەکە  ئامـادەیە، واتە گـوێی لە قسـەکەیە و قسـەکەش پـێچەوانەی ڕاسـتییە). (باباڕەسـوڵ نـوری: ٢٠١٣: ١١١-١١٢) ئەگەر  لە هەندێک نوکتە وردبینەوە، ئەوا دەبینین گاڵتەپێکردن و توانجلێدان بەدی دەکرێت. با سەرنج لەم نوکتەیە بدەین:- ((لە بازگەی عەربەت ئاسایشێکی نەخوێندەوار ئۆتۆمبێلی مافناسێک ڕادەگرێت و داوای ناسنامەی لێدەکات. پـاش ئەوەی ناسـنامەکەی لێوەردەگرێـت، تەماشـەی وێـنەی  شـایەن و تەرازووەکە دەکـات، کە بە ناسـنامەکەیەوە و بە مافناسـەکە دەڵێـت: چ کارەیت؟ مافناسـەکەش حـاڵی بووە کە خوێندەواری نییە و هەر سـەیری وێنەکەی کردووە، لە وەڵامدا دەڵێت:" بەڕێوەبەری عەلوەی سلێمانیم")). (م. بەرژەوەنـد: ٢٠١٠: ١٥٣- ١٥٤) لێـرەدا گـاڵتەپێکردن و توانجلێـدان لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە مافناسەکە لە ڕێگەی دەربڕینی (بەڕێوەبەری عەلوەی سلێمانیم) توانج لە ئاسایشێکی نەخوێندەوار دەدات، کە خوێندەواری نییە و تەرازووی کێشـان و تەرازووی دادگـا لێکجیاناکـاتەوە. هەروەهـا دەربڕینێکـی دەربڕیـوە کە پـێچەوانەکەی ڕاسـتە. خـۆ ئەگەر لەجیـاتی (بەڕێـوەبەری عەلـوەی سـلێمانیم) گوتبـای (مـن دادوەرم) ئەوکـات نە نـوکتەکە دروستدەبوو، نە دەربـڕینەکەش دەبـوو بە تـوانج و گـاڵتەپێکردن، هەمیش نەدەبوو بەهۆی لادان لە بنەمای چۆنیەتی.

ب- میتـافۆر: ئەمە کاتێـک دەبێـت کە ئـاخێوەر بیەوێـت لە ڕێـگەی خواسـتنەوە گوتنێـک بە شـێوەیەکی نـاپیتی بگەێنێتە گوێگر، بە مەرجێـک گـوتنەکە پەیوەنـدی بە دەوروبەری ئـاخێوەر و گـوێگرەوە هەبێـت، بـۆیە دەتـوانین بڵێـین میتـافۆر بـریتییە لە بەکارهێنـانی وشـەیێک بـۆ گەیانـدنی واتـایەک جگە لە واتـا بنەڕەتیـیەکەی. (محمـد علـی: ١٩٨٢: ١٦٨). یـان بە شێوەیەکی دیکە دەتوانرێت بڵێین میتافۆر بریتییە لەوەی کە ((بەکارهێنانی وشـە و دەربـڕینە لەجیاتی وشـە و دەربڕینێکی دیکە بە مەرجێک واتـای هاوبەش لەنێوانیاندا هەبێت)). (بەکر عـومەر: ٢٠٠٠: ٨٦). هەروەهـا دەبێت

ئەوەش بزانرێت کە ((زمـانی میتـافۆری ڕێ دەدات، کە قسـەکەر واتـایەک، مەبەسـتێک، بە وشـە و دەربڕینێـک دەرببـڕن، کە واتـای فەرهەنگـی نەگەیەنێـت، یـان یەکێـک لە سـیما دەرکەوتووەکـانی بەکاربهێنرێـت بـۆ پێچواندنی دەربڕاو یان کەرەستەیەکی تر)). (شیلان عومەر: ٢٠٠٩: ٧٠) کەواتە جگە لە واتای پیتی واتایەکی ناپیتی هەیە، کە لە ڕێگەی لێکچواندن واتایەکی خواستراو دێتەکایەوە و دەرئەنجام دەبێتە هۆی لادان لە بنەمای چۆنیەتی، چونکە میتافۆر ((هێندەی مەودای دۆزینەوە و لێکدانەوەی باری نوێی دەدات، ئەوەندەش مەودای شاردنەوەی ڕاستی و دوورکەوتنەوە لە ڕاستی و پشتگوێ خستنیمان دەدات و دەبێتە سەرچاوە بۆ نامەنتیق و نادروستی)). (بەکر عومەر: ٢٠٠٠: ١٤) ئەگەر لە نوکتەی کوردی وردبینەوە، دەبینین، ژمارەیەکی زۆر نوکتە لەم ڕێگەیەوە دروستدەبن، چونکە زۆرێک لە نوکتەکان لە ڕێگەی واتای پیتییەوە دەیەوێت واتایەکی جیاوازترمان پێبڵێت، تا لەو ڕێگەیەوە ئامانجی خۆی بگەیەنێت. با سەرنج لەم نوکتەیە بدەین: ((کابرایەکی تەمەن شەست و پێنج ساڵە برادەرێکی هەواڵی دەعباکەی دەپرسێت، ئەویش دەڵێت:"زۆرباشە مەلیکە... مەلیک... برادەرەکە دەڵێت:"هەڵدەستێت"؟ ئەویش دەڵێت:"بێ عەقڵ مەلیک لەبەرکێ هەڵدەستێت"!!)). (ڕەسوڵ دەروێش: ٢٠٠٩: ٦٥) لێرەدا دەبینین میتافۆرەکە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە بێهێزی دەعباکەی دەشارێتەوە، لە ڕێگەی خواستنی وشەی (مەلیک) و وێکچواندنی بە دەعباکە، هەروەها هەردووکیشیان واتایان لە (هەڵنەسان) هاوبەشە و ئاخێوەر ویستویەتی بە شێوەیەکی شاراوە و ناڕاستەوخۆ گوێگر تێبگەیەنێت و بێهێزی بە بەهێزی پیشانبدات. هەروەها بەهۆی شاردنەوەی مەودای ڕاستی، دەرئەنجام بۆتە هۆی لادان لە بنەمای چۆنیەتی.

ج- دژیەکبوون: ئەمە کاتێک دەبێت کە گوتنی شتێک بە بەرپەرچدانەوەی دژەکەی دەرببڕدرێت، بە مەرجێک لە بنچینەدا

هەردووکیان هەڵەبن، یان بە شێوەیەکی دیکە دەتوانین بڵێین، دژیەکبوون کاتێک ڕوودەدات کە ((یەکێک زانیاریی هەڵە بدات و یەکێکی دیکە بە زانیاریی هەڵە وەڵامی بداتەوە). (عومەر مەحمود: ٢٠٠٩: ١٣). ئەمە بە زۆری لە نوکتانەدا بەدی دەکرێت کە یەکێک دەیەوێت بە مەبەستێک زانیاریی هەڵە بڵێت کە لەگەڵ ڕاستیدا (واقع) ناگونجێت، لە بەرانبەریدا بە هەمان شێوە بە زانیاریی هەڵە وەڵام بدرێتەوە، هەتاوەکو لەو زانیارییە هەڵەیە ئاگاداربکرێتەوە و پێی بڵێن ئەم زانیارییە هەڵەیە و لەگەڵ ڕاستیدا ناگونجێت. دژیەکبوون زیاتر بۆ مەبەستی کات بەسەربردن و کۆڕ خۆشکردن و گاڵتەجاڕییە، جگەلەوەی مەبەست لێیان پیشاندانی ئەو سیفەتە خراپەیە. با سەرنج لەم نوکتەیە بدەین: ((جارێکیان درۆزنێک دەڵێت: ساڵێکیان باوکم کولەکەی چاندبوو، کولەکەیەکی وا لە کێڵگەکەیدا دروستبوو، بە قەد ئەو شارەبوو!. هاوڕێکەی گوتی: جا ئەوە چییە؟! من باوکم وەستایە، ساڵێکیان مەنجەڵێکی دروستکردبوو، لەو شارە گەورەتربوو!. درۆزنی یەکەم گوتی: وای لەو درۆیە؟! کوڕە برا مەنجەڵی وا لە کوێ هەیە؟ درۆزنی دووەم وەڵامی دایەوە: ئێ کوڕە برا بۆ نییە؟! ئەدی ئەگەر مەنجەڵی وەها نەبێت، کولەکەکەی باوکت لە چیدا دەکوڵێندرێت؟!)). (ئیدریس عەبدوڵڵا: ٢٠١٤: ٣٢٦). بۆیە دەبینین هەردووک زانیارییەکان (کولەیەک بە قەد ئەو شارەبوو، مەنجەڵێک لەوشارە گەورەتربوو) هەڵەن و لەگەڵ ڕاستیدا ناگونجێن، ئەم جۆرە نوکتانە تەنیا بۆ شادی و بزەخستنە سەر لێوی بەشداربوانە. دەرئەنجام دەبێتە هۆی لادان لە بنەمای چۆنیەتی.

د- زیادەڕۆیی: ئەمە کاتێک دەبێت، کە زیادەڕۆیی لە خستنەڕووی شتێک بکرێت، واتە لەپاڵ زانیاری لەو بارەیەوە، زیاتر بابەتەکە لە ڕێژەی قەبارەکەی خۆی گەورەتر بکرێت، واتە ((کاتێک کە ئاخێوەر ڕووداو و هەواڵێکی سادە بە زیادەڕۆییەوە باسبکات)). (سروە فەیسەڵ: ٢٠١٠: ٥٩)

ئەگەر سەرنجی نوکتەی کوردی بدەین، دەبینین ئەم زیادەڕۆییە هەستی پێدەکرێت، بە تایبەتی لەو بارانەی کە ڕووداوەکە یان شتەکە لە قەبارەی خۆی زیاتر گەورە دەکرێت، جا بەهۆی ئەمەوە لادان لە بنەمای چۆنیەتی دێتەکایەوە، چونکە دەبێتە پێچەوانەی ڕاستی و دروستی. با سەرنج لەم نوکتەیە بدەین:- ((لەساڵی ١٩٧٨دا کە ڕژێمی بەعس هەموو دانیشتوانی گوندەکانی بناری (قەندیل) یان بە قڕناقاو و پشتئاشانیشەوە ڕاگواست، هەندێ لە خەڵکەکەیان هێنایە دەشتی بیتوێن، نزیک چوارقوڕنە. شەو گەیشتبوون، هاوین بوو کە تیشکی ڕۆژ هەڵدێت، پیرەژنێک کە هەر لەشاخ ژیاوە و چاڵە بەفر لە ماڵەکەیاندا بووە. گەرما زۆر پەرێشانی دەکات و دەڵێت: دەک قوڕم بەسەری، چما جنوب هێندە گەرمە)). ( ڕەسوڵ دەرویش: ٢٠٠٩: ٨٦) لێرەدا زیادەڕۆیی لە وەسفکردنی بارودۆخەکەدا کراوە، کە دەڵێت (دەک قوڕم بەسەری، چما جنوب هێندە گەرمە)، چونکە دەشتی بیتوێن هێندە گەرم نییە هەتا وەکو (جنوب) بێت، یان دەشتی بیتوێن گەرمە بەڵام لە باسکردنەکە لە قەبارەی خۆی زیاتر گەورەتر کراوە، چونکە هەم دەشتی بیتوێن (جنوب) نییە، نە هێندەش گەرمە کە وەک (جنوب) بێت. بۆیە دەبینین ئەمە لەگەڵ ڕاستی (واقیع) ناگونجێت و دەرئەنجام دەبێتە هۆی لادان لە بنەمای چۆنیەتی.

**٢-٢-٣)لادان لە بنەمای پەیوەندی لە نوکتەدا**

لادان لەم بنەمایە لە ئەنجامی ئەوەدا دێتەکایەوە کە ((پرسیاری قسەکەر و وەڵامی وەرگر پەیوەندییان بەیەکەوە نەبێت)). (نەوزاد ئەنوەر: ٢٠١٤: ٦٨). واتە بە شێوەیەکی گشتی لادان لە بنەمای پەیوەندی کاتێک دێتەکایەوە، کە گوتنەکان پەیوەندیدار نابن بەیەکەوە جا بە هەر مەبەستێک بێت. با سەرنج لەم نوکتەیە بدەین: ((مامۆستا لە قوتابییەکەی پرسی:"ئادەی کوڕە هەستە بزانم لۆکە لەچی دروست دەکەن؟.

قوتابی:"بەفرەکــان هەمــوو وشــک دەکەنەوە و دوای ئەوە لــۆکەی لــێ-دروســــتدەکەن)). (م. بەرژەوەنــــد: ۲۰۱۰: ۲۰۹) ئەگەر لەم نــــوکتەیە وردبیــنەوە، دەبینــین بابەتەکــان بەیەکەوە پەیوەندیــدار نــین، چــونکە مامۆستاکە کە دەپرسێت (لۆکە لەچی دروست دەکرێت؟)، لە بەرانبەریدا قوتــابییەکە دەڵێــت (لە بەفــر دروســت دەکرێــت) هــیچ پەیوەنــدییەکیان بەیەکەوە نیــیە، ســەرەڕای ئەوەش زانیارییەکــان بەیەکەوە نــاگونجێن و وەڵامی قوتابی هیچ پەیوەندییەکی بە پرسیاری مامۆستاکەوە نییە. بۆیە دەرئەنجــام دەبێــتە هــۆی دروســتکردنی نــوکتەکە و لادان لە بنەمــای پەیوەندی.

## ۲-۲-٤) لادان لە بنەمای شێواز لە نوکتەدا

لادان لەم بنەمایە لە ئەنجامی بەزاندنی ئەو مەرجانە دروستدەبێت، کە دەبێت نێرەر پەیڕەوی بکات، بەڵام نێرەر بە مەبەست لەم مەرجانە لادەدات، هەتــاوەکو بە شــێوەیەکی شــاراوە زانیــارییەکە بگەیەنێــت. لەبەرئەوەی زۆرێــک لە نوکتەکــان هەڵســوکەوت لەگەڵ واتــای شــاراوە دەکەن، بــۆیە لادان لە بنەمــای شــێواز بەدیــدەکرێت. لادان لە بنەمــای شێوازیش بە چەند شێوەیەک بەدیدەکرێت:

ا- گوتنی تەمومژدار (هاوبێژی و فرەواتایی): ئەمە کاتێک دێتەکایەوە، کە دەربڕینێک زیاتر لە واتایەک هەڵبگرێت و لێکدانەوەی جیاوازی بۆ بکرێت. بۆیە دەتوانرێت بڵێین تەمومژ بریتییە لەوەی کە (دەربڕینێک زیاتر لە مانایێــک ببەخشــێت). (وریــا عــومەر: ۲۰۰٤: ۲۹۳). ئەگەر ســەرنج لە هەنــدێک لە نوکتەکــان بــدەین، دەبینــین تەمومژیــان تێدا بەدیــدەکرێت، بە تایبەتی فرەواتایی و هــاوبێژی. بــا ســەرنج لەم نوکتەیە بدەین: ((شــەوێک ددانــی مەلا ئــازارێکی زۆری هەبــوو، لە تــاو ئــازاردا لە خەو ڕاپەڕی و بە

خەبەر هات، خێزانەکەی پێیگوت: برۆ ددانت بکێشە. مەلا گوتی: بەم نیوە شەوە تەرازوو لە کوێ بێنم؟)). (م. بەرژەوەند: ٢٠١٠: ٢٦٩)




دەبینین بەهۆی دەربڕینەکانی (ددانت بکێشە، بەم نیوە شەوە تەرازوو لە کوێ بێنم؟) دوو مەبەستی دژبەیەک دروستبوون، کە ئەمەش بۆتە هۆی دروستبوونی نوکتەکە، خۆ ئەگەر گوتبای (بەم نیوە شەوە نۆرینگەی پزیشکی نییە)، ئەوا نوکتەکە دروست نەدەبوو، هەروەها (کێشان)یش تەمومژاوی نەدەبوو، بەڵام کاتێک دەڵێت (بەم نیوە شەوە تەرازوو لە کوێ بێنم؟) ئەوا (کێشان)ەکە تەمومژدار دەبێت. بۆیە لێرەدا دیاردەی هاوبێژی دروستبووە و دەرئەنجام بۆتە هۆی لادان لە بنەمای شێواز.

ب- درێژدادڕی: ئەمە کاتێک دێتەکایەوە، کە کەرەسەی فەرهەنگی زۆر سەبارەت بە خستنەڕووی زانیارییەکان بەکاربهێنرێت، کە بۆ تێگەیشتن لەوە پێویست بەم زانیارییە درێژانە ناکات، بەڵکو بە ژمارەیەکی کەم لە کەرەسەی فەرهەنگی دەتوانرێت زانیاریی پێویست بەدەست بخرێت. بۆیە دەتوانین بڵێین درێژدادڕی بریتییە لە دەربڕینی مەبەست و مانا بە وشەیەکی زۆرتر. (بسیونی عبدالفتاح: ٢٠١٠: ٥٢٩) بۆیە ئەگەر سەرنج لە هەندێک لە نوکتەکان بدەین، دەبینین بە ڕێژەیەکی کەم درێژدادڕییان تێدا بەدیدەکرێت، چونکە هەندێک زانیاریی ناپێویست دەدرێن، کە بۆ گوێگر پێویست نین. با سەرنج لەم نوکتەیە بدەین:

((له حەنیفه خانمیان پرسی: چەند مێردت کردووە؟. گوتی: سیان و سیان و سێ لۆلۆ، سیانی دیکەش مەحموود قایش خواجەی بێ ڕیش باوکی مناڵەکان ئەوانی تریش، دەستم له هەویره هەر ئەوەندەم لەبیره)). (م. بەرژەوەند: ٢٠١٠: ١٩١) دەبینین لێرەدا بۆ دەربڕینی یەک مەبەست وشەیەکی زۆر بەکارهاتووە، بۆیه لێرەدا پێویست بەو هەمووە کەرەسته فەرهەنگییه ناکات بۆ دەستخستنی زانیاریی پێویست، چونکه دەتوانرێت بەم چەند وشەیه (چوارده مێرد) یان (حەوت مێرد) زانیاریی داواکراو و پێویست بەدەست بخرێت. بەڵام بەهۆی درێژدادڕی نوکتەکە دروستبووە و دەرئەنجام بۆته هۆی لادان له بنەمای شێواز. خۆ ئەگەر گوتبای (حەوت مێرد) ئەو کات وەک زانیارییەکی ئاسایی ڕۆژانه تەماشه دەکرا و نەدەبوو بە نوکته.

ج- پاش و پێشکردن: ئەمه کاتێک دێتەکایەوە، که ڕووداوەکانی ناو گوتنەکە ئاڵوگۆڕیان پێدەکرێت یان کەرەسەکانی ناو گوتنەکە پاش و پێشیان پێدەکرێت، ئەمە کەمتر له نوکتەدا بەدی دەکرێت، جگه لەو بارانەی که بۆ گاڵتەکردن بەکاردێت، سەرەڕای ئەوەش هەندێک جار بە هۆکاری پەلەکردن له قسەکردندا یان ترسان و شڵەژان ئەم دیاردەیه دێتەکایەوە، هەندێک جاریش بەهۆی ئاگادارنەبوونی تەوەرەکانی گفتوگۆ لەیەکتری ڕووداوەکان ئاڵوگۆڕیان پێدەکرێت. با سەرنج لەم نوکتەیه بدەین؛ ((له ڕێی قادر کەرەم پۆلێ پێشمەرگه به سەرپەرشتی شێخ کەریم بۆسەیەک دادەنێن، ڕەفیق حیزبییەک دەستگیردەکەن بەناوی (شەفیق ئەحمەد)ه شەل که به گۆچان دەڕۆیشت. دوای ئەوەی زۆر له پێشمەرگەکان دەپاڕێتەوە، ئەوانیش ئازادی دەکەن. پێشمەرگەیەک دەڵێت:"ڕاکه ئەگەر نا یەک فیشەک دەنێمه تەوقی سەرتەوە". ئەویش له تاوان بەشەله شەل ڕادەکات. لەبەر خۆیەوە بەدەم ڕاکردنەوە دەیگوت:"بەخوا من ڕەفیق حیزبی نیم، شەفیق حیزبیم". دەیویست بڵێ شەفیق ئەحمەدم)). (ئازاد سابیر(ب١): ٢٠١٢: ٣٠)

دەبینــین لێــرەدا جێگــۆڕکێ  لە کەرەســـە فەرهەنگییەکانــدا هەیە، بەوەی لەجیاتی بڵێت (من شەفیق ئەحمەدم) دەڵێت (شـەفیق حیزبیم)، هەر ئەمەش بۆتە هۆی دروسـتکردنی نوکتەکە. خۆ ئەگەر گوتبای (شـەحمەدم) ئەو کات وەک قسەیەکی ئاسایی لێدەهات و نەدەبووە هۆی دروسـتبوونی نوکتە، بۆیە بەهۆی ئەم جێگۆڕکێیە بۆتە هۆی لادان لە بنەمای شێواز.

د- لێڵــی (نــاڕوونی): ئەمە کاتێــک دێتەکــایەوە کە نــاڕوونییەک لە دەربـڕینەکەدا جـا بە هەر مەبەسـتێک بێت، هەبێت. ئەمەش بە زۆری لەو کاتانەدا پەیدا دەبێت، کە ئاخێوەر گوتنێک دەردەبڕێت، کە بە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ و ئاشـکرا واتـا داواکـراوەکە دیـار نیـیە، ئەمەش نـاڕوونییەک لەلای گوێگر دروستدەکات و وا دەکات لێکدانەوەی جیاوازی بۆ بکات. با سەرنج لەم نوکتەیە بدەین:-

((تـازە ئوتـومبێلە پاسـەکان کەوتبـوونە نـاو شـاری سـولەیمانی بـۆ هـاتوچۆکردنی خەڵـک بەنـاو شـاردا، کـابرایەکی مڕانەیـی لەگەڵ ژنەکەیـدا هـاتبوونە سـولەیمانی و سـواری پـاس بووبـوون، وا ڕێکەوتبـوو ژنەکە لە پێشـەوە دانیشـتبوو، مێـردەکەی لە بەشـی دواوە، کـابرای مێـردی پـارەی هەردووکیانی دابوو، پاسەکەش پڕبوو لە خەڵک، لەو ناوەدا کابرا هەستا و بە دەنگی بەرز بانگی کرد لە ژنەکەی: ئایشـێ ئایشـێ مـن لە دواوە داومە، ئێتـر تـۆ لە پێشـەوە مەیـدە)). (عەلادیـن سـوجادی (ب٥): ١٩٧٢: ١٤٠) لەم نـوکتەیەدا نـاڕوونییەک لە دەربڕینـی ئـاخێوەر (ئێتـر تـۆ لە پێشـەوە مەیـدە) دروسـتبووە، بـۆیە ئەگەر دەربـڕینەکە بەم شـێوەیە (ئایشـێ مـن لە دواوە پارەی هەردووکمـان داوە، ئێتر تـۆ لە پێشـەوە پارەکە مەدە) گوترابـا، ئەو کــات گوتنەکــان ڕوون دەبــوون و نەش دەبــوو بەهــۆی دروســتبوونی نوکتەکە، بەڵام کە دەڵێت (من لە دواوە داومە، ئێتر تۆ لە پێشـەوە مەیـدە)،

لێـرەدا نـاڕوونییەک پەیـدادەبێت؛ کە کـاریگەری و سـیحری نـوکتەکەش لەوەدایە، دەرئەنجام بەهۆی ناڕوونی دەبێتە هۆی لادان لە بنەمای شێواز.

## ٣-٢) خستنەڕووی بنەماکانی لادان لە نوکتەکانی (ڕشتەی مرواری)دا

لەدوای دەستنیشـانکردن و ڕوونکـردنەوەی بنەماکـان لە نوکتەکـانی (ڕشـتەی مـرواری)دا؛ لە کۆی (١٢٢٦)، (٥٠) نـوکتە بە شـێوەی هەڕەمەکی ڕێکخـراو وەرگیـراون؛ (٣٩) لادان لە بنەمـای چـۆنیەتی و (١٢) لادان لە بنەمـای شـێواز و (٢) لادان لە بنەمـای پەیوەنـدی و (١) لادان لە بنەمـای چەنـدێتی و (٣) لادانـی نازمـانی بە دەسـتهات، و ئەنجـامەکەش بەشـێوەی ڕێژەی سەدی، بەم شێوە هێڵکارییەی خوارەوە دەرچوو:

هێڵکاری ژمارە (١)

لادان لە نوکتەکانی (ڕشتەی مرواری)دا



بەپێــی ئەو ڕێــژەیەی کە لە نوکتەکــانی (ڕشـــتەی مــرواری)دا بە دەستهات، ئەوەمان بۆ بە دیاردەکەوێت، کە سەرەتای نوکتەی نووسراوی کوردی بە زۆری خۆی لە لادان لە بنەمای چۆنیەتی لە جۆری (میتافۆر) دەبینێــتەوە، بە جۆرێــک بە هەمــوو لادانەکــانی دیــکەوە نیــوەی لادان لە بنەمای چۆنیەتی پێکناهێنێت.

## ٢-٤) خستنەڕووی بنەماکانی لادان لە نوکتەکانی (نوکتەکانی ئەحۆل)دا

لە دوای دەستنیشــانکردن و ڕوونکــردنەوەی بنەماکــان لە نوکتەکــانی (هەڵبژاردەیەک لە نوکتەکانی ئەحۆل)؛ کە لە کۆی (١٧٠)، (٥٠) نوکتە کە بە شێوەی هەڕەمەکی ڕێکخراو وەرگیراون؛ (١٤) لادان لە بنەمای چۆنیەتی و (١٦) لادان لە بنەمــای شــێواز و (١٣) لادان لە بنەمــای پەیوەنــدی و (٠) لادان لە بنەمـــای چەنـــدێتی و (١١) لادانـــی نازمـــانی بە دەســـتهات، و ئەنجامەکەش بە شێوەی ڕێژەی سەدی، بەم شێوە هێڵکارییەی خوارەوە دەرچوو:

هێلکاری ژمارە (٢)

لادانی بنەماکان لە نوکتەکانی (هەڵبژاردەیەک لە نوکتەکانی ئەحۆل)دا




بەپێی ئەو ڕێژەیەی کە لە نوکتەکانی (هەڵبژاردەیەک لە نوکتەکانی ئەحۆل)دا بە دەستهات ئەوەمان بۆ بە دیاردەکەوێت کە لادان لە بنەمای شێواز بە پلەی یەکەم دێت، بە هاوتەریب لەگەڵ بنەماکانی پەیوەندی و چۆنیەتیدا، جگە لەوەی لادان لە بنەمای چەندێتی ڕێژەکەی بۆتە سفر، بەڵام ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە لادانی نازمانی لەچاو نوکتەکانی (ڕشتەی مرواری) ڕێژەیەکی بەرزی تۆمارکردووە.

### ٣) ئەنجامەکان:

١- ئەگەر لە ڕوانگەی لێکەوتە نەرێتییەکان و لێکەوتە ئاخاوتنییەکان بڕوانینە نوکتە، دەبینین نوکتە سەروکاری زیاتری لەگەڵ لێکەوتە ئاخاوتنییەکاندایە و زۆر کەمتر لێکەوتە نەرێتییەکان دەبینرێن.

٢- لادان لە بنەماکانی هاریکاری لە نوکتەکانی (ڕشتەی مرواری)دا؛ لادان لە بنەمای چۆنیەتی ڕێژەکەی بە پلەی یەکەم دێت، بە جۆرێک ڕێژەکەی لە ٧٨% و لادان لە بنەمای پەیوەندی ٦% و لادان لە بنەمای شێواز لە ٢٤% ، بەڵام لە نوکتەکانی (هەڵبژاردەیەک لە نوکتەکانی ئەحۆل) کە گوزارشت لە نوکتەکانی سەردەمی ئێستا دەکات؛ لادان لە بنەمای شێواز بە پلەی یەکەم دێت، بە جۆرێک ڕێژەکەی لە ٣٢% و لادان لە بنەمای پەیوەندی ٢٦% و لادان لە بنەمای چۆنیەتی ٢٨%.

٣- لە نوکتەی ئێستای کوردیدا ڕێژەی لادانی نازمانی، بە بەراورد بە نوکتەکانی (ڕشتەی مرواری) بە ڕێژەی ٢٢% پلەیەکی بەرزی تۆمارکردووە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئەوەی لە نوکتەی کوردیدا بەدیکرا، ئەوەیە کە لادان لە بنەمای چەندێتی ڕێژەیەکی زۆر کەمی هەیە، بە جۆرێک لە (ڕشتەی مرواری)٢% و لە (هەڵبژاردەیەک لە نوکتەکانی ئەحۆل)دا ٠%ە.

٤- لە نوکتەکانی ئەحۆلدا کە گوزارشت لە سەردەمی جیهانگیریی ئێستای کۆمەڵگەی کوردی دەکات؛ ڕێژەکان بە شێوەیەک دەرچوون کە تەواو پێچەوانەی سەردەمەکانی پێشترە، بە جۆرێک وا پێشبینی دەکرێت کە لە داهاتوودا ڕۆڵ و کاریگەریی لادانی زمانی کەم بێتەوە و ڕۆڵ و کاریگەریی لادانی نازمانی جێگەی بگرێتەوە.

## سەرچاوەکان:

### سەرچاوە کوردی و عەرەبییەکان:

_ ئەمین، وریا عومەر (٢٠٠٤)، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

_ بالمر، أف. ار. (١٩٨١)، علم دلالة، ت: مجيد عبدالحليم الماشطة (١٩٨٥)، الجامعة المستنصرية، مطبعة العمال المركزية، البغداد.

_ بەرژەوەند، (م) (٢٠١٠)، پێکەنین، چاپی شەشەم، سلێمانی.

_ بەرژەوەند، (م) (٢٠١٥)، هەڵبژاردەیەک لە نوکتەکانی ئەحۆل، ئەنتەرنێت، ماڵپەڕ: .Blogspot.com WWW.Kurdishbookshop .

_ تۆفیق و ڕەفیق، قەیس کاکل و کوردستان (٢٠١٤)، سرووودی ئەی ڕەقیب (لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی)، گۆڤاری ئەکادیمی کوردی، ژمارە (٣١)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

_ حسەین، شیلان عومەر (٢٠٠٩)، ئیدیۆم چەشن و پێکهاتنی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، چاپکردنی: چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

_ الخولی، محمد علی (١٩٨٢)، معجم علم اللغة النظري، انگليزي_ عربي، مكتبة لبنان، بيروت.

_ دەروێش، ڕەسوڵ (٢٠٠٩)، گەپنامەی مێرگولان (ب١)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

_ ڕەسوڵ، باباڕەسوڵ نوری (٢٠١٣)، شیکردنەوەی دەق، نوکتە بە نموونە، نامەی دکتۆرا، زانکۆی کۆیە، فاکەڵتیی پەروەردە، کۆیە.

_ سابیر، ئازاد (٢٠١٢)، نوکتەی شاخ، بەرگی (١)، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا.

_ سەجادی، عەلادین (٢٠٠٥)، ڕشتەی مرواری، بەرگی (٥)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

_ عەزیز، سروە فەیسەڵ (٢٠١٠)، بنەمای هاریکاری لە چوارچێوەی نواندنی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، هەولێر.

_ بسیونی، عبدالفتاح (٢٠١٠)، علم العانی، ط٣، موئسسة المختار، القاهرة.

_ عبدالحمید، شاکر (٢٠٠٣)، الفکاهة والضحک، عالم المعرفة (٢٨٩)، مطابع السیاسة، المجلس الوطني للثقافة والفنون والاداب، الکویت.

_ عەبدوڵڵا، ئیدریس (٢٠١٤)، ئەدەبی میلیی و فۆلکلۆریی، بەرگی دووەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

_ عەلی، بەکر عومەر (٢٠٠٠)، میتافۆر لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، سلێمانی.

_ عەلی، شێرزاد سەبری (٢٠١٤)، پراگماتیک، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

_ عومەر، نەوزاد ئەنوەر (٢٠١٤)، هەندێ لایەنی کۆمەڵایەتیی پراگماتیک لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، سکوڵی زمان، سلێمانی.

_ فاخوري، عادل (١٩٨٩)، الأقتضاء في التداول اللساني، عالم الفكر، المجلد العشرون، العدد الثالث.

_ فەتاح، محەمەد مەعروف (٢٠١٠)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی:شێروان حسێن خۆشناو و شێروان میرزا قادر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

_ فەتاح، محەمەد مەعروف (٢٠١١)، زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

_ کەریم، عومەر مەحمود (٢٠٠٩)، سیمای پراگماتیکی و سیمانتیکیی گریمانە پێشەکییەکان، نامەی دکتۆرا، زانکۆی کۆیە، کۆلێژی زمان، کۆیە.

_ یونس، محمد محمد (٢٠٠٧)، المعنى وظلال المعنى، انظمة الدلالة العربية، دار مدار الاسلامي، بنغازي، ليبيا.

**سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**

_Akmajian.A, Demers.A.R, Farmer.K.A, Harnish.M.R (2012), Linguistics an introduction to language and communication, sixth edition, the MIT press, Cambridge, Massachusetts, London England.

_Attardo.S (1994): Linguistic theories of humor: printing: Gerike GmbH, Berlin.

_ Grice, H.P (1967), Logic and conversation, In Cole, P., and J.L. Morgan, eds, (1975), Speech acts (Syntax and semantics 3), New York: Academic press.

_ Levinson, S.C (1997), Pragmatics, University press, Cambridge.

_Lew, R. (1996), An ambiguity_ based theory of the linguistic verbal joke in English, Do thesis, Mickiewicz University, faculty of Adam, Poland.

_ Mey, L.J (2001), Pragmatics (an introduction), Second edition, Blackwell Publishing.

_ Yule, G (2000), Pragmatics, fifth impression, Oxford University Press.

**ملخص:**

هذا البحث المسمى (تحليل النكت الكردية تحت نظرية التعاون) محاولة لتحليل النكت الكردية القديمة والحديثة على وفق نظرية التعاون. وقد حاول البحث أيضا إبراز أثر التغييرات الإجتماعية والتطور التأريخي على النكت القديمة والحديثة مبينا الانحرافات اللغوية حيث يظهر من خلالها جوانب الذوق والسليقة الاجتماعية. وقد جعل البحث أسس التعاون ونظرية غرايس مبدأ لإظهار مدى الانحرافات وكيفيتها. وقد استفاد البحث من النكت النابعة من المجتمع الكردي معتمدا على كتاب ( ڕشتەی مرواری بۆ نوکتەی کۆن و نوکتەکانی ئەحۆل وەک نوکتەی هاوچەرخ) لإثبات الانحرافات اللغوية حتى يتبين الفرق بين مرحلتين من مراحل التغيير والتطور في المجتمع الكردي.

**Abstract:**

The study is under the title of “Kurdish Jokes Analysis According to the cooperative principle", which attempts to analyze old and new Kurdish jokes from an Assistance basis perspective. It assumes that ancient and contemporary Kurdish jokes affect the type of linguistic deviations with social changes and historical developments, which demonstrate the direction of Kurdish society´s likings and preferences. For this purpose, deviations from accurate bases of Assistance and Grice’s theory has been made the measurement to discover the rate of linguistic deviations and how they occur. The scope of the research gets benefit from jokes that derive from Kurdish culture and society. In addition, 'R̂iştey Mirwarî for old jokes' and 'Nuktekanî ehol for modern jokes' as contemporary jokes have been chosen to prove the linguistic deviations in order to investigate an accurate comparison between two stages of Kurdish society with data and statistics.